بسم الله الرحمن الرحيم

## پوختەی حوکم و ئادابەکانی مانگی ڕەمەزان

**١ ـ ژماردنی ڕۆژەکانی مانگی شەعبان :** لە سەر ئومەتی ئیسلامی پێویستە بە ژماردنی ڕۆژەکانی مانگی شەعبان هەستن ، ئەوەش بە مەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ مانگی ڕەمەزان .

**٢ ـ هەر کەسێك ڕۆژی گومان ( واتە : يوم الشك ) بە ڕۆژو بێت سەرپێچی لە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ کردووە .**

**٣ ـ ئەگەر موسوڵمانێك مانگی بینی بە ڕۆژوو بن :** پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " صوموا لرؤيته ، وأفطروا لرؤيته " ( رواه النسائي وسنده حسن ) واتە : ڕۆژوو بگرن بە بینینی مانگی ڕەمەزان و وازیش بێنن لە ڕۆژوو بە بینینی مانگی شەوال .

### نیەتی ڕۆژوو گرتن : ( کاتەکانی ڕۆژوو ) :

ئەگەر سەلمێنرا کە مانگی ڕەمەزان دەستی پێکردووە ئەو کاتە پێویستە لە سەر هەموو موسڵمانێك هەر لە شەوەوە( واتە : پێش دەرکەوتنی فەجری ڕاستگۆ ) نیەتی ڕۆژووی هەبێ و ە ئەبێ تێبینی ئەوەش بکرێ کە :

١ ـ نیەت جێگای دڵەو ، ووتنی بەزمان بیدعەیە و گومرایی یە هەرچەندە هەندێك خەڵکی بەچاکی بزانن .

٢ ـ ئەگەر کەسێك ڕەمەزانی بەسەرداهات وبێ ئاگابوو لەوەی کە ڕەمەزانەو خواردن و خواردنەوەی خوارد بوو، پاشان بۆی ئاشکرا بوو کە ڕەمەزانە با واز لە خواردن و خواردنەوە بێنێت و ڕۆژووەکەی تەواو بکات.یان هەر دۆخێکی هاوشێوەی ئەم حاڵەتە

٣ ـ دەست پێکردنی کاتی ڕۆژوو گرتن : بە دەرکەوتنی فەجری ڕاستگۆ دەبێت ، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت :

﴿ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ﴾

(البقرة : ١٨٧) ، واتە : بخۆن و بخۆنەوە تا کاتی دەرکەوتنی فەجری ڕاستگۆ کە دەرکەوتنی سپیایی ڕۆژە لە تاریکی شەو .



**بیرخستنەوەیەك : موسوڵمانی بەڕێز :** ئەو شتەی لە مانگی ڕەمەزاندا دەکرێت بەناوی (الإمساکية ) واتە بانگ دان بەدەنگی بیستراو پێش دەرکەوتنی فەجری ڕاستگۆ کە بانگ دەران دەڵێن ( الإمساك ، الإمساك يا أمة محمد ) !!! کارێکی بیدعەو گومڕای یە بەڵکو بە پێچەوانەی ئەمەوە تا کاتی دەرکەوتنی فەجری ڕاستگۆ بۆت هەیە بخۆیت و بخۆیتەوە .

**٤ ـ دواکاتی ڕۆژوو گرتن :** ئەگەر شەو لە بەرەی ڕۆژهەڵاتەوە دەرکەوت و ڕۆژیش لە بەرەی ڕۆژئاواوە پشتی لێ هەڵکردین و بازنەی خۆریش ئاوا بوو ، ئەو کاتە ڕۆژوەکەت دەشکێنێت .

### پارشێو :

**برای باوەڕدار :** پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " البركة في ثلاثة : الجماعة ، والثريد ، والسحور " ( رواه الطبراني بسند حسن ) ، واتە : بەرەکەت لە سێ شتدایە لەو سێ شتە یەکێکیان پارشێوە ، یان فەرموویەتی : " إنها بركة أعطاكم الله إياها ، فلا تدعوه " ( رواه النسائي و أحمد وسنده صحيح ) ، واتە : پارشێو بەرەکەتە خوا پێی بەخشیون وازی لێمەهێنن .

### ئەو شتانەی پێویستە ڕۆژووان لێی دووربکەونەوە :

**ڕۆژووانی بەڕێز :** ئەوەش بزانە کە ڕۆژووگرتن تەنها خۆگرتنەوە نیە لە خواردن و خواردنەوە و جووت بوونی ژن و مێرد ،بەڵکو ڕۆژووان ئەو کەسەیە ئەندامەکانی بە دوور گرێ لە تاوان و زمانیشی لە درۆ و غەیبەت کردن وتەی پڕو پووچ و شایەتی ناڕەوا ، لە گەڵ خۆگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوە و جووت بوونی ژن و مێرد . لەو شتانەش :

**١ ـ وتەی درۆ :** پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی " من لم يدع قول الزور والعمل به فليس لله حاجة في أن يدع طعامه وشرابه " ( رواه البخاري ) ، واتە : ئەگەر ڕۆژووان واز نەهێنێ لە درۆو کارپێکردنی ، خوا پێویستی بەوە نیە واز لە خواردن و خواردنەوەکەی بهێنێت .



**٢ ـ وتەی پڕوپووچ و لەغوکردن ،** پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : ڕۆژوو تەنها خۆگرتنەوە نی یە لە خواردن و خواردنەوە بەڵکو بریتی یە لە خۆگرتنەوە لە وتەی پڕو پووچ و لەغوکردن .

### ئەوشتانەی ڕۆژووان دەتوانیٚ ئە نجامیان بدات :

**بڕواداری بەڕێز :**

ڕۆژووەوان بۆی ڕەوایە ئەم کارانە ئەنجام بدات :

١ - ڕۆژووان دەتوانیٚ بە لەش گرانیەوە ڕۆژبکاتەوە . هەروەکو ( عائشة ) و ( أم سلمة ) لە خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ ئەوەمان بۆ دەگێڕنەوە ( رواه البخاري ومسلم ) .

٢ ـ بۆشی ڕەوایە لە دەست پێکردنی ڕۆژوەکەی تا کاتی بەربانگ سیواك بەکار بهێنیٚ بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرمووێت : " لولا أن أشق على أمتي لأمرتهم بالسواك عند كل صلاة " ( رواه البخاري ومسلم ) واتە : ئەگەر ناڕەحەتیەکی زۆری تیانەبوایە لەسەر ئومەتەکەم ئەوا فەرمانم پیٚ دەکردن بە سیواك لە کاتی هەموو نوێژێکدا .

٣ ـ وە دەشتوانێت ئاو هەڵداتە دەم و لوتی بیٚ ئەوەی زیاد ڕەویان تێدا بکات وەکو پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرمووێت :" وبالغ في الاستنشاق إلا أن تكون صائما "(رواه الترمذي وسنده حسن) ، واتە : زیاد ڕەوی بکە لە ئاو هەڵدانە دەم و لوتدا و ، جگە لەو کاتەی کە بە ڕۆژوو دەبیت .

٤ ـ هەروەها ماچ کردن و دەستبازی کردن لە نێوان ژن و مێرددا ڕەوایە ، بەمەرجێ توانای هەبێت بەسەر خۆی دا.

٥ ـ بۆشی ڕەوایە تاقی کردنەوەی خوێن ئەنجام بدات یان دەرزی لە خۆ بدات ، بە مەرجیٚ مەبەست لەو دەرزی لێدانە خواردن پێدان نەبێت ( واتە : مغزی نەبێت ) .

٦ ـ کەڵەشاخ کردن

٧ ـ تـام و چـێژكردنی خواردەمـەنی بەمـەرجی خواردنەكـە نەڕواتە قوڕگەوە ، ئەوەتا ابن عباس دەفەرمووێت : هیچی تێدا نی یە تام و چێژی خەڵ یان هەر شتێكی تر بكات ، بە مەرجێك نەڕواتە قوڕگیەوە . ( علقه البخاري و وصله ابن أبي شيبة )

٨ ـ كل كردن و قەترەكردنە چاو و هاوشێوەكانی لەو شتانەی كە دەكرێنە چاوەوە ، وەكو ( ابن تيمية ، و ابن القيم ) فەتوایان داوە لە سەری .

٩ ـ كردنی ئاوی سارد بەسەر سەردا ، یان خۆششتن .

## ئەو كەسانەی بەڕۆژوو نابن یان ئەتوانن بەڕۆژوو نەبن :

موسوڵمانی بەڕێز : ئەو كەسانەی كە بە ڕۆژوو نابن :

١ ـ ئافرەت لە كاتی بێ نوێژیدا .

٢ ـ ئافرەت لە كاتی زەیسانی دا ، واتە : واتە خوێنی پاش منداڵ بون .( زانایان یەك ڕان لەسەر ئەم دوو خاڵە ) .

## ئەو كەسانەی بۆیان ڕەوایە بەڕۆژوو نەبن و پاشان قەرزی ڕۆژوەكەیان بكەنەوە ئەمانەن :

١ ـ مرۆڤی موسافیر و ڕێبوار وەكو پێغەمبەر ﷺ بەیەكێك لە هاوەڵەكانی ئەفەرمووێ كاتێ پرسیاری ڕۆژووی لێ دەكا لە سەفەردا : " صم إن شئت وافطر إن شئت " ( رواه البخاري ومسلم )

٢ ـ مرۆڤی نەخۆش ، ئەو نەخۆشیەی كە بەبوونی ڕۆژوەكەی زیاد بكات یان چاك بوونەوەی دوا بكەوێ .

## ئەوانەی بۆیان ڕەوایە بە ڕۆژوو نەبن و تەنها فیدیە بدەن

ئافرەتی دوو گیان شیردەر ئەگەر لەوە بترسن زیان بە خۆیان و منداڵەكانیان بگات ، خوای پەروەردگار دەفەرمووێ ﴿ وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدۡيَةٞ طَعَامُ مِسۡكِينٖۖ ﴾ ( سورة البقرة : ١٨٤ )

واتە: پیاوی پیرو ژنی پیر ئەگەر توانای ڕۆژوویان نەبێ یان دوو



گیان و شیردەر ئەگەر لە خۆیان و منداڵەكانیان بترسن ڕۆژوو ناگرن و بەرامبەر هەموو ڕۆژێك نانی هەژارێك دەدەن

( أخرجه ابن الجارود و البيهقي وأبو داود ، وسنده صحيح ) .

وە ( ابن عمر ) فەرموویەتی : " الحامل و المرضع تفطر و لا تقضي " ( رواه الدارقطني وصححه )

## بەربانگ كردن :

سونەتە دوای خۆرئاوابوون ( واتە : بەنەمانی بازنەی خۆر ) ڕۆژوان بەربانگ بكات و پەلەیش لەو كارەیدا بكات . چونكە پەلەكردن لە بەربانگدا سوننەتی پێغەمبەری خوایە ﷺ

وە سوننەتیشە لـە كـاتی بـەربانگ دا بپاڕێتـەوە و پاڕانـەوەش لەم كاتەدا وەڵام دەدرێتەوە ( رواه ابن ماجه بسند صحيح ) .

## بەتاڵ كەرەوەكانی ڕۆژوو :

یەك خوا پەرستی گوێڕایەڵ :

لە كۆتای ئەم باسەدا ئاماژە دەكەم بەو شتانەی ڕۆژوو بەتاڵ دەكەنەوە :

١ ـ خواردن وخواردنەوەی بە ئەنقەست : بەڵام ئەگەر لە بیرت چونەوە بوو ئەوا ڕۆژوەكە بەتاڵ ناكاتەوە ( رواه البخاري ومسلم )

٢ ـ ڕشانەوەی بە ئەنقەست .

٣ ـ بێ نوێژی و زەیسانی .

٤ ـ جووت بون لە گەڵ خێزاندا .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

---

ba8.org ba8.org ba8kurdi



# پوختەی

# حوكم و ئادابەكانی

# مانگی ڕەمەزان



نوسینی : مامۆستا عدنان بارام

٢